وەڵامێک بۆ ئەو کەسانەی کەوەلام وەرناگرن !

**ئەو شیعرە شیعر نەبوو دڵی من بوو بردیان**

**دڵی من لەت لەت بوە لە داخی دڵ مردیان !!**

**(((( شێروان بێ دڵ ))))**

**لاوین ئازاد من ئاشکراو ڕوونە لەلام کەتۆ کێیت .تۆ برا نەخوێندەوارەکەی زەکەریا هەولێریت .**

**شتێکی ئاسایی یە کەدز نەتوانێت لە ژێر ناوی خۆیە وە بێت شت بنوسێت . بە داخەوە کە خەڵکانێکی وەکو ئێوەش هەوڵ ئەدەن ڕاستیەکان بشێوێنن جا بە جوێن بێت ، یا بەهەندێ لەو ووشانەی کەبرات یارمەتی داویت لە چنینی دا. نەجمەدین ئاوارە لە ژێر ناوی (( لاوین ئازادەوە ))شتم بۆ مەنوسە .**

**هەموو قسە و باسەکان بۆنی ووشەی قۆڕ و بێ ماناکانی خۆتی لێدێت .**

**ئێوە نەك تەنها دزن بەڵکو درۆزنیشن . تۆ بەر لەوەی شیعرەکانی من بەراورد بکەیت لەگەڵ حەزرەتی نالی و مەولەوی . بڕۆ خوێدەواری خۆت بەهێز بکە و هەندێك ووشەکانی خۆت بە جوانی بدرکێنە . ووشەکانت زیاتر بازاڕین و وەکو خەڵکانێکی سەر جادەکان هەڵسو کەوت مەکە . تۆ ئەو زانا بوێرە نیت کەبتوانی من لەگەڵ حەزرەتی نالی و مەحوی بەراورد بکەیت . کەمن بە ڕای تۆ شاعیر نیم و هیچ بەراوردیشم مەکە لەگەڵ هیچ کەسێك . تۆ دەڵێی یەکێك ویستی ناوی خۆی دەرکات چوو پیسایی لە شوێنێکا کرد . بەڕاستی ئەو ووشە قۆڕو بێ مانایانە شایەستەی خۆتو برا بەشەڕەفەکەتە ! . بەبیرت دێت کە لە (( وایت ئۆکس مۆڵ )) دانیشتبوین بەیەکەوە . پێمت ووت : من برایەکم هەیە لە سوید ناوی( زەکەریایە ) . حەزم لێ یە یارمەتی بدەیت با شوهرەت پەیدا بکات . داوات لێمکرد کە ئەو شیعرەی منی بدەیتێ و ئەو ڕۆژە هاتمە ما ڵەکەت کەدوای دوو مانگی پێچوو خۆم لەگەڵ حەزرەتی زەکەریا قسەم کرد . دەستخۆشی لێکردم بۆ شیعرەکەو مۆسیقاکەشی بۆ لێدام کە بۆی دروست کرد بوو کە دەنگی لە تەلەفۆنا یەکجار ناخۆش بوو. منیش ووتم : نەجمەدین ئاوارە ئەوە بۆ دەنگی برات ئەوها ناخۆش بوە؟! .**

**تۆش پێمت ووت : تازە لە خەو هەڵساوە. منیش زۆر پێکەنیم تۆش سوێندت دام دەبێ بزانیت بۆ پێدەکەنم منیش بە پێکەنینەوە ووتم : من بیستوومە خەڵك کە لەخەو هەڵبستێ دەمو چاوی ناشیرین دەبێت نەك دەنگی ناخۆش دەبێت !.**

**زۆر بەسەر شان و باڵی براکەت هەڵمەدە .بەڕاستی تەنها لە ڤیدو کلیپا زەکەریا ماستەر پاوەرە ئەتوانێت دەنگی خۆی بگۆڕێت .**

**کەچی لەسەر شانۆ ئەم شێرە نیە . و دەنگی زۆر ناشازە . هەربۆیەش گەر تیپە جیهانیەکانیش بهێنێت مۆسیقای بۆ لێبدەن ئەم بۆشایییەی کە لە دەنگی هەیە بۆی پڕ ناکرێتەوە !**

**نەخوێندەوارێکی وەکو تۆ باسی شیعرەکانی من دەکات و دەڵێت باسی زمانەوانی شیعرم بۆ دەکەیت .**

**یا لە شوێنێکا دەڵێی (( عەودالی گوڵێکی سوورم )) لەشیعری وەفایی دزیوە . ئەو توهمەتە درۆیە دەهاوێ یە سەر من . بەڵام تۆ هەر ئەوەندەی لێدەزانی .**

**باشە تۆ سەر قاڵەیت بەم دێرەی کە بەدرۆ ئەڵێیت لە وەفاییم دزیوە ئایا من حەقی خۆم نیە کەبۆ شیعرێك ئێوەی بلیمەت و زانا دەستکاریتان کردوە پێم ناخۆش نەبێت !**

**گەر ڕاست دەکەیت ئەو شیعرەی وەفاییم بۆ بنوسە ! .**

ئایا تۆ تا ئێستا چەند جار دیوانی وەفاییت خوێندۆتەوە ؟! .
تۆ و تێگەیشتنی شیعر کوجا مەرحەبا ! .
گەر ئەوجارەش دەتانەوێت ناوم لە کەدار بکەن تکایە بە ناوی خۆت شت بنوسە نەك لە ژێر ناوی ( لاوین ئازاد) و شەونم و شیلان و کۆمەڵە ناوێکی تر .
بڵێ ئەوکەسەش کە یارمەتیت ئەدات لە نوسینەوەی ئەم تێکستە جوانانە با زمانەوانی نوسینەکانی بەهێز تر بکات .
تۆ هاتوی گاڵتە بە شیعرەکانی من ئەکەیت ئەڵێیت زۆر بێ مانایە :
جوانی کچە هەولێری
نایگۆڕمەوە بەزێڕی
بۆ گوڵی بەهار چیە !
خۆی بەتۆ بشوبهێنی
بەڕاستی زۆر بێ شەرمانە هاتووی ( شیعر ) ئەکەی بە( میعر ) و بەڵام خەڵکی جاهیل و نەخوێندەوار ڕێز بۆ بەرامبەرەکەی دانانێت !
باشە ئەو شیعرانەی من کە تۆی بلیمەت بە میعریان دا ئەنێیت چۆنن لەگەڵ ئەو شیعرانەی کەبرات ئەیان کات بە گۆرانی بۆ نموونە :
سەرچۆپی دەکێشێ
با هەرکەسێ ڕایکێشێ
با بەدەستی بیکێشێ
تخوا تۆ ئەم شیعرەی کەبراکەت کردویە بە گۆرانی بە کوردیەکی بەهێز و بە کوردیەکی پەتی ئەزانیت ؟! .
ئایا هەندێك لەو شیعرانەی کەبراکەت ئەیکاتە گۆرانی شیعری حەلەق و مەلەق نین ؟!
بە ڕاستی پێت دەڵێم من هیچ دژایەتیەکی کەسایەتیم لەگەڵ ئێوەدا نیە.
بەڵام دەمێکە شاعیرانی کورد مافیان پێشێل کراوە و حەقیان خوراوە .
هەر ویستم فێرە وانەیەکتان بکەم کە دەستکاری شتی خەڵك مەکەن . خەڵکیش لە گوێی گاوە نەنوستوون . ئەو ئاوازانەی کە لە ئەزەری و تورکیش دزیوتانە ڕۆژێ ئاشکرا دەبێ و ئابڕووشتان پێ ی دەچێت گەر تۆزێك ئابڕووتان مابێت ! .